ئەم کاتەتان باش،

ئەم وتارەی لای خوارەوە بۆ خوێندنەوەو بڵاوکردنەوەیە، کەناڵەکانی راگەیاندن ئازادن لای خۆیان دووبارە بڵاوی بکەنەوەو کاری لەسەر بکەن، بەتەنگەوەهاتنتان جێگەی رێزە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێمەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی کوردستان... سوپاس

**ئێمەی کۆمەڵناسانو دەروونناسان ئەم کێشانەمان بۆ دروستبووە، بەهۆی سازنەدانی هەڵبژاردنو کۆنگرەوە**

**هادی ئەمین - توێژەری کۆمەڵایەتی**
**سلێمانی**
**مۆبایل: ٠٧٧٠٢٢٠١٨٩٨**
Hadi.ameen@gmail.com

سازنەدانی هەڵبژاردن و کۆنگرەی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسان بوەتە هۆی دروستبوونی ئەم کێشانە بۆ ئێمەی کۆمەڵناسانو دەروونناتسان:

١- بوەتەهۆی ئەوەی کە دووساڵە دوو کۆمەڵەمان هەبێت، (هەولێر، سلێمانی) کە لەدەرەوەی رێکارە یاساییو شەرعییەکان کاربکەنو ماوەی یاساییان بەسەرچووە.

٢- سەدان توێژەری تازە دامەزراو هەیە، تا ئێستا دەنگو رۆڵیان نییە لە دیاریکردنی سەرۆکو ستافەکانی کۆمەڵناسان، دەنگو رۆڵیان نییە لە هەموارکردنەوەی پەیرەوی ناوخۆییو چالاکیو تازەکردنەوەی کۆمەڵە و وزەدان بە کۆمەڵە.

٣- چەندین ماف هەیە نەتوانراوە بەدەست بهێت بۆمان، بۆ نموونە توێژەکانی دیکە لە رێگەی کۆمەڵەو سەندیکاکانیانەوە، مافی وەرگرتنی زەوی و شوقەی نیشتەجێبونیان بۆ ئەندامەکانیان دەستەبەرکردووە، بەڵام ئێمە ئەو مافانەمان بۆ دابین نەکراوە.

٤- نەتوانراوە یاسایەك بە کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئامادەبکرێت و رەوانەی پەرلەمان بکرێت.

٥- نەتوانراوە بینایەکی شایستە بۆ کۆمەڵە دابینبکرێت، ئەوەی هەولێرم نەبینیوە، بەڵام ئەوەی سلێمانی ژوورێكو مێزێکە، لەبەرامبەردا سەندیکاو کۆمەڵەکانی دیکە بینای تایبەتیان هەیە، بەوەش زیاتر و رێکخراوەنەتر دەتوانن کارەکانیان بکەن، ژووری ژمێریار، ژووری ئەرشیف.... هەموو ئەوانەیان دابینکردووە.

٦- هەڵەو کێشەیەکی گەورە روویداوە لەم ماوەیەدا، ئەویش ئیزدیواجییەتێکە، لەگەڵ رێزم بۆ کاك جەزا - کە ئەو لەلایەك سەرۆکی ماوەبەسەرچووی کۆمەڵەی کۆمەڵناسانو دەروونناسانی سلێمانییە، لەلایەکی دیکەوە لە پەروەردەی سلێمانی بەرپرسو سەرپەرشتیاری توێژەرانە، ئەمەش هەڵەیەکی مەنتقییە و نەشیاوە، ئاخر ئەگەر کاك جەزا لە پۆستەکەی پەروەردەییدا، هەڵەو نادادییەك بەرامبەر بە توێژەرانی کۆمەڵایەتی قوتابخانەیەك بکات، ئایا توێژەرەکە بچێت بۆ کام سەندیکا تا بەرگری لێ بکات، کە دەچێت بۆ کۆمەڵەی کۆمەڵناسان، سەیردەکات هەر کاك جەزای لێیە، ئەمەش نەشیاوو نەگونجاوە.

٧- بەهۆی یەکنەبوونو سازنەدانی هەڵبژادنو کۆنگرە، نەتوانراوە کاربکرێت بۆئەوەی ئەزموونی وڵاتانی ئەورووپیو پێشکەوتوو لە بواری توێژەری کۆمەڵایەتی بگوازرێتەوە بۆ توێژەرانی کوردستان، یان دەورە بۆ توێژەرانی کوردستان بکرێتەوە لەدەرەوەی وڵات و وەجبە وەجبە توێژەران رەوانەی دەرەوە بکرێن، بۆ تازەکردنەوەی زانیارییەکانیان.

من ئاگادارم مامۆستاو پەروەردەناسی بەتوانا هەیە لەدەرەوەی وڵات، پرۆژەی هەیە دەیەوێت بیگوازێتەوە بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی کوردستان لەبواری چۆنێتی چارەسەری کێشە پەروەردەییەکان، بەڵام کارئاسانییان بۆ نەکراوە، هەر چەندە پەیوەندییشیان کردوە، بەڵام تا ئێستا وەڵامی ئەو تۆ نەدراوەتەوە!!
مەبەستم ئەوەیە بەهۆی یەکنەبوونی کۆمەڵناسان لە سەندیکایەکی ئەکتیڤدا، نەتوانراوە سوود لە ئەزموونی دەرەوە وەربگیرێت بۆ گەشەپێدان و تازەکردنەوەی کاری توێژەران لە بوارە جیاجیاکاندا.
٨- بەهۆی سازنەدانی هەڵبژاردنو کۆنگرە، ئێمەی توێژەران نەمانتوانیوە رۆڵمان هەبێت لە نوێکردنەوەی پرۆگرامەکانی زانکۆ، لەبەرئەوەی پرۆگرامەکانی زانکۆ لە بواری کۆمەڵناسیو دەروونناسی کۆنن، هی دەیان ساڵ لەمەوبەرن، بۆیە کەسی بەتوانا پێ ناگەیەنن، ئەگەر سەندیکای چالاکمان هەبێت ، دەتوانین لەسەر ئەو بوارانە پرۆژەمان هەبێتو کاریگەری دروستبکەین.
٩- نەمانتوانیوە حزوری زۆر بەهێزمان هەبێت لە کێشەکانی کۆمەڵگاکەمان، توێژەینەوەمان نییە، لەسەر خۆکوژی گەنجان، لەسەر بێکاری، لەسەر مادەی هۆشبەر.....
١٠- جگەلەوەش گۆڤارێکمان نییە بۆئەوەی زانیاری تازەی تیا بڵاوبکەینەوە و بەردەوام توێژەران سوودی لێ وەربگرن.

دەیان کێشەی دیکەمان بۆ دروستبووە، بەهۆی چەقبەستنی دوو کۆمەڵەکە، هیوادارین بەخێرایی ئەم دۆخە نەخوازراوە چارەسەربکرێت، بەهۆی هەڵبژاردنو کۆنگرەوە سەندیکایەك بنیاتبنێین کە کاریگەری ئیجابی هەبێت بۆ توێژەرانو کۆمەڵگا

**هادی ئەمین - توێژەری کۆمەڵایەتی**
**سلێمانی**
**مۆبایل: ٠٧٧٠٢٢٠١٨٩٨**
**Hadi.ameen@gmail.com**